## تاریخچە خانوادە قاضی

كتێبی "*مێژوولكەی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موكری*" بیرەوەرییەكانی نەمر خەلیلی فەتاحی قازییە كە ڕێزدار قادر فەتاحی قازی (كوڕی نووسەر) بڵاوی كردۆتەوە. ئێمە بۆ گەلێک ڕووداوی مێژوویی ناوچەكە و تۆمار كرانیان، ئەمەكداری میرزا خەلیلین – كە پێشتر لە كتێبی "سالهای اظطراب" و پاشان لەم كتێبەدا تۆماری كردوون و گەیاندوونیەتە دەست نەوەكانی دوای خۆی. سەبارەت بە كتێبی "سالهای اظطراب" لە بەشەكانی دواتری ئەم زنجیرە وتارەدا بابەتێک دەنووسم.

كتێبی "مێژوولكەی بنەماڵەی قازی ..." زانیارییەكی زۆری لەسەر ڕووداوە سیاسی – عەشیرەییەكانی ناوچەی موكریان و مەهاباد – بەتایبەت لە پەیوەندی بنەماڵەی قازی دا (كە خۆی ئەندامێكی بنەماڵەكەیە) ڕاگەیاندوە.

من كتێبەكەم بە وردی خوێندۆتەوە و یادداشتم لەسەر نووسیوە. ئەو لاپەڕانەی كە بۆكان و كەسایەتییە بۆكانییەكان بگرنەوە ئەمانە ن: ٥٩، ٦٢، ٦٣، ٦٦، ٦٨، ٧٢، ٧٥، ٨٠، ١١٣ تا ١٢٢، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٢ ١٣٧، ١٤١، ١٤٢، ١٤٦، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٤، ١٥٥، ١٦١، ١٦٢، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٩، ١٧٠، ١٧٧، ١٨٢، ١٩٣، ١٩٤ و ١٩٥.

لە ناو ئەو لاپەڕانەدا زۆر ڕووداوی گرنگی سیاسی كە پەیوەندی بە بۆكان یا خەڵكی بۆكان و دەوروبەریەوە هەیە باس كراون و واهەیە گرنگترینیان لاپەڕە ١٤٨ و ١٤٩ بێت كە باسی دوژمنایەتی ئاغاواتی دێبوكری لەگەڵ بارزانییەكان دەكات. هەروەها لاپەڕە ١٤٦ كە لە باسی جوامێریی عەلی ئاغای عەلیار دایە، كە ئامادە نەبوو نامەی داخوازیی بۆ ئیعدامی پێشەوا ئیمزا بكات.

ئەوەی لە كتێبەكەدا گەلێک بە وردی و ڕوونی باسی لێوەكراوە، سەفەری هاوینی ساڵی ١٣٢٥[١٩٤٦] ی پێشەوا قازی محەمەدە بۆ تاران و چاوپێكەوتنی قوام السلطنەی سەرەک وەزیران كە دەوری نەرێ یی عەبدوڵلاغای ئیلخانی زادە بۆ هاندانی قەوام و بەرپرسانی سوپای حكوومەتی ئێران دژ بە كۆمار و شەخسی پێشەوا دەردەخات(لاپەڕە ١٧٧ تا ١٨٢).

خلیل فتاح قازی، "تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت مكری"، ویراستاز قادر فتاحی قاضی، چاپ اول، تبریز، ١٣٧٨[١٩٩٩]، ٢٣٢ لاپەڕە